منظـمة حـرية المـرأة في العــراق
Al- Fardawse Square Area – Al Za'im Street – Next to Al Saadoun Private Hospital
Tel no. 7170953
قرب ساحة الفردوس- شارع الزعيم – جوار مستشفى السعدون الأهلي
رقم الهاتف: 7170953

# بەرامبەر توند و تیژیەك كە دەرهەق بە ( ساكار ئەحمەد) یەكێك لە رابەرانی بزووتنەوەی ژنان و بەرپرسی رێكخراوی ئازادی ژن لە شاری هەولێر ، پیادەدەكرێت وەرنە مەیدان !

لە ناوەراستی مانگی تەموزدا ساكار ئەحمەد بەرپرسی ریكخراوی ئازادی ژن لە عیراق – هەولێر ، پاش ئەوەی براكانی هەواڵی چالاكییەكانی ساكار ئەبیستن سەبارەت بە مافەكانی ژنان لە عیراق وە بەتایبەتی لەشاری هەولێردا ئەنجامی داون ،چەندجاریك ئەكەونە هەرەشەی كوشتن لیٚی ، وە لەلایەن براكانیەوە (سەردار و دارا) زۆر وەحشییانە ئەكەونە لیٚدان و ئازاردانی ساكارو ودایكی وخوشكەكانی كە بەتەواوی جێگای ئەشكەنجەو لیٚدانەكە بە روخسار و جەستەیانەوە شوینی خۆی جیٚهشتوە .

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە كە ئەگەر چارەنووسی ئەو ژنانەی بەرگری لە مافەكانی ژنان ئەكەن وای لیٚبیٚت ئەی ئایا ئەبیٚت چ چەشنە لیٚدان و ئەشكەنجەیەك دەرهەق بەو ژنانە بكریت كە هیچ ریگەیەكیان نییە بۆ بەرگری كردن لە خۆیان و فرسەتی ئەوەیان بۆ هەلنەكەوتوە بچن لە مەیدانی مافەكانی ژناندا كار بكەن ؟

ئێمە لە رێكخراوی ئازادی ژنانی عیراقەوە شاهێدی هەموو ئەو كارە توند و تیژانەین كە لەلایەنی براكانی ساكارەوە دژی ساكار و خێزانەكەی ئەنجام دراون بۆ ئەوەی ساكار واز لە هەلسوڕانی ژنانیانەی بهێنی و رێگری بۆ دابنێن لەبەردەم رزگاری ژنان لە عێراقدا ئێمە داوا لەلایەنە حكومی و دەسەلاتی پارتی دیموكراتی كوردستان ئەكەین كە ژیانی و ئەمنیەتی ساكار زامن بكات...

ساكار ئەحمەد دەیەیەك خەباتی پشت سەر ناوە لە پیناو هاتنەدی مافەكانی ژناندا ، سەرنوسەری بلاوكراوەی یەكسانی بوو ، چەندین سیمینار و كۆری كردوە لە شارەكانی كوردستان ، هەوڵی داوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەكی توند و تۆڵی هەبێت لەگەل ریكخراوەكانی تری ژنان لە كوردستاندا ، پەیوەندییەكی بەهیزی هەیە لەگەل ژنانی كوردستاندا، وەك ئەفرادو رێكخراوەكان، ساڵی رابردوو كتیبیكی سەبارەت بە كوشتنی ناموسی لە كوردسنانی عیراق بلاوكرودەوە كە چەندەها دۆكومینتی دەولەمەندی سەبارەت بە كوشتنی ژنان تیایە ...

ئێمە لە رێكخراوی ئازادی ژنانەوە لە عیراق موودافعی جەریئانەین لە مافەكانی ژنان و ئازادیەكانیان ، هیچ چەشنە بریندارکردنێکی كەسایەتیو ژیانو وكەرامەتی ساكارو دایك و خوشكەكانی قبول ناكەین. وە حكومەتی پارتی و سەرۆكەكەی نیچیرەڤان بارزانی بەرپرس دەكەین لە پاراستنی ژیانی ساكار و ئەندامانی

Caxton House-2nd Floor, 129 St.John's Way- London N19 3RQ-Tel: 020 7263 1027
Fax: 020 7561 9594-Mobile: 07890 065933-Email: mecwr2003@yahoo.co.uk
Website: www.equalityiniraq.com

منظـمة حـرية المـرأة في العـراق
Al- Fardawse Square Area – Al Za'im Street – Next to Al Saadoun Private Hospital
Tel no. 7170953
قرب ساحة الفردوس- شارع الزعيم – جوار مستشفى السعدون الأهلي
رقم الهاتف: 7170953


خیزانەکەیدا .وە ئەبێت دەست بەجی سەردار و دارا دەستگیر بکرین و ئەم کرداوانەشیان بە تاوان حساب بکرێت..

هەروەها داواش لە هەموو رێکخراوەکانی ژنان لە کوردستانی عیراق ئەکەین تەواوی توانای خۆیان بخەنە گەر بۆ بەرگری کردن لە بەرگریکەرانی بزووتنەوەی ژنان وە ئەبیت وای دابنین کە هەر هیرشیك بۆ سەر ژنان لە کوردستان هیرش و دژایەتی کردنە بە مافەکانی گشت ژنان.

توند و تیژی دژی ژنان ،دیاردەیەکی خیزانی نیە هەروەك (حاجی سەمەد)ی باوکی ساکار دەیەوێت نیشانی بدات، بەلکو مەسەلەیەکە پەیوەندی بە کۆمەلگاوە هەیە. لەسەر کۆمەلگای کوردستان پێویستە وەباقی کۆمەلگا موتەمەدنەکان کە پێوانەکانی خۆی دابنێتو هەنگاوی عەمەلی پێویست بگریتە بەر لە پیناو بنەبرکردنی توندو تیژی دژ بە ژنان. جا توندوتیژی لە ژێر هەر ناوێکدا بێت .

ئیمە لە ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراقەوە داوا لە حکومەتی نیچیرەڤان بارزانی ئەکەین کە

_ پارێزگاری تەواو لە ژیانی ساکار ئەحمەد و خوشکەکانی بکات..

_ ئەبێت براکانی ساکار و باوکی ناچار بکرێن بەوەی کە (تەعەهود) بدەن کە دەستدرێژی نەکەنە سەر ساکار و دایك و خوشکەکانی ...

_ ئەبیت دەست بەجیٚ هەریەك لە داراو سەردار دادگایی بکرین بە تۆمەتی لیٚدان لە ساکار و خوشکەکانی .

داوا ئەکەین لە گشت ریکخراوەکانی مودافیع لە مافەکانی ژنان و مافە ئینسانیەکان کە نامەی هاوپشتی خۆیان بخەنە پالٚ دەنگی هەموو ئەو ژنانەی کە دژی توندو تیژیو توندوتیژین لە خیزاندا، دەنگیان بخەنە پالٚ ئەو خەباتکەرانەی کە لەپێناو کەرامەت و مافەکانی ژناندا خەبات دەکەن وە لەپال سەدەها هەزار لەو ژنانەی کە بە بی دەنگی ئەنالینن..

کاتی ئەوەیە نامەی نارەزایەتی بۆ نوینەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حکومەتەکەیان لە هەولیرو وولاتانی بنێرن...

تکایە کۆپیەك لە نامەی نارەزایەتیەکانتان بنیرن بۆ ئەم ئەدریسە ئەلەکترۆنیانەی لای خوارەوە :

nadia64uk@yahoo.com
Houzan73@yahoo.co.uk
Equalrightsnow@hotmail.com

رێکخراوی ئازادی ژنان لە عێراق
2004-8-11

**ئەمانەی خوارەوە ئەدریسی نوینەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانن :**

**KDP International Relations Bureau - London - UK**
Tel : 00  44 207 498 26 64
Fax: 00  44 207 498 25 31
KdpEurope@aol.com

**KDP Europe ( Organizations ) Berlin , Germany**
PF/P.O.Box 301 516
D-10749 Berlin
Tel.: +49 30 797 437 41
Fax: +49 30 797 437 46
email: KDPEurope@t-online.de

**KDP Representation in Ankara Turkey**
Kaptanpasa Sokak, 59 06700 GOP-Ankara
***Tel***: +90-312-440.93.40
+90-312-447.34.70
+90-312-447.34.72
+90-312-447.34.73
***Fax***:+90-312-447.35.32
***E-mail:*** info@kdp-ankara.org.tr

**KDP Representation in Washington USA**
770 Little River Turnpike, Suite 302A
Annandale, Virginia 22003, USA
Tel:  703 750 1161
Fax: 703 750 1106
kdpusa@aol.com

**KDP Representation in Australia**
63 A Tully Ave
Liverppol NSW 2170
Sydney-Australia
Tel: 614-22 192 803
Fax:612-9822 22 72
**haval@optushome.com.au**

**KDP Representation in Tehran Iran**
Tel : +98 212 406 830

+98 212 406 828
Fax: +98 212 406 829

**KDP Representation in Damascus Syria**
Damascus
Tel&fax: 00 963 11 511 89 26
Qameshloo
Tel: 00 963 52 42 00 51
Fax: 00 963 52 437 366

**KDP Representation in Madrid-Spain**
Avda. Papa Negro, 20 - 1º - 105ª
28043 - Madrid
España
Tel. +34-917 599 475
Fax. +34-913 001 638
e-mail: kurdi@infonegocio.com